# ئەندێشەم
# لە ڕەنگی
# پایز

ستارە عارف

ساڵی کوردی ٢٧١٢
ساڵی زایینی ٢٠١٢

# پێرستی بابەتەکان

بابەت لاپەڕە

## پێشکەشە:

وشە بە وشەی هەر رستە و برگە و واتایەکی ئەم پەرتوکە، پێشکەشە بە ئەزیز و هەرگیز لە یادنەچووم(بەرخۆدان)، کە سەرجەمی بۆ تۆیە، تۆ لە سەرەتاوە تا ئێستا ئیلهام و چاوگی گشت بابەتی ئەم پەرتوکەیت...

بە هەموو ئازیز و خەمخۆرانی وشەی جوانی کوردی و هەڵبەستی راستەقینە و رۆحی زیندووی رێبەر و داهێنەرەکانی هەڵبەست و وێژەیی کوردی، نالی و مەحوی و مەولەوی و پیرەمێرد و گۆران و مەستورە و وەفایی و بێسارانی و دڵدار و بێکەس و غەمبار و ئەو مرۆڤە گەورانەی دیرۆک و ناسنامەی نەتەوەیەکیان لەسەر دیواری هەڵبەست و وێژە هەڵچنی پێشکەشە.

بە خۆشەویست و خەمخۆرانم پێشکەشە، کە لە هەر پێواژۆییەکی سەختدا بە هەوڵ و زەردەخەنەیەکی مرۆییەوە هاوکارمبون و پشتیان تێنەکردوم.

## سوپاس و پێزانین
سوپاس و پێزانینم بۆ ئەو هاورێ ئەزیزانەم، کە لە بە چاپگەیاندنی ئەم نامیلکەدا ماندوو بوون و هاوکارم بوون.

## پێشگوتن:
## من شاعیر نیم!!!!!!

شیعر لای من دونیایەکی تەواو جودایيە و دوور لە تەنگەژەکانی ژیان بە کەناری دەریاچە و زەریا قوڵەکەی خۆیدا دەمانگێرێت، دەمانبات لەگەڵ جیهانە پەنهانەکەی رۆحماندا لە دەروازەی هەر پنت و هەر سەکۆیەکی بێناز و هەر هەناسەیەکی کپکراومان دەدات، لە زەنگی هەر خانۆچکەیەکی ئەو جیهانە ئەفسوناویی و دووره دەدات، کە گوێرادێرە بۆ زەنگێک و تامەزرۆیە بۆ بیستنێک و هەڵوەدایە بۆ تیرێژی خۆ دەربرینێک.

هەڵبەست گومانی جوان و پەنهانی ناخمان بە بوون دێنێت، گومان لێرەوە دەرفەت بۆ خۆ دەرخستن و نمایشکردن دەدۆزێتەوە، کە سەرکەشانە دەپرسێت و دەنگی زیندویی ناوەرۆکی خۆی هەڵدەبرێت.

من هەر لە سەرەتای بابەتەکەمدا وتومە(شاعیر نیم) پێشموانیە، بتوانم تاسەر وەک هەڵبەستەوان یان شاعیرێک خۆم بناسێنم، چونکە لە شیعردا هێشتا گەلێک پنت و بوار و قوڵایی هەیە و پەیم پێنەبردووە، هێشتا ئەو دونیا ئەزەلیەی تەنها قوڵایی خۆمان دەیناسێت و چەپۆکی رۆژگار دەیکات بە ژێر خۆڵەمێشی خۆیەوە، رێچکەیەکی زانستیانە و هونەریانە و وێژەییانەیتری بەرینی دەوێت، کە من پێموانیە دەرقەتی بێم و بە ئاسانی خۆم ناو بنێم شاعیر.

بۆیە من شاعیر نیم

تەنها ئەوەیە هەڵبەستی پڕ واتا و لێوان لێو لە وشە و تێفکرین و تێروانینی مرۆییانە و سەر رێژ لە خەیاڵی فراوان و هونەریانەی دوور لە خۆ دەرخستنم خۆشدەوێت، هەڵبەست لای من هەر وشە ریزکردن و شیعر هەر بۆ شیعر و تەنها بۆ نوسین و ناو نییە، ئەمە کاڵکردنەوەی ناوەرۆکە مرۆییەکەی شیعرە.

دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە ژیانی وێژەوانی من بە هەڵبەست نوسین دەستیپێنەکردووە، بەڵکو نوسین لای من بە خۆ دەربرینی سیاسیانە و بەرهەڵستیکردنی نەریتی کۆن دەستیپێکرد، بۆیە بریارمنەداوە هەڵبەست بنوسم و تا کۆتاییش بە هەڵبەست نوسینەوە سەرقاڵبم و ئەو ناوەش بەسەر

خۆمدا داببرم و بە خۆم بڵێم هەڵبەستوان، ئەو بابەتانەی ناو ئەم پەرتووکە-ش ناو نانێم شیعر یان هەڵبەست، بەڵکو کۆمەڵێک بابەتی ویژەیین و بەس.

ئەو کۆمەڵە بابەتە ویژەییەی لێرەدا خستومەتە بەر دیدە، تەنها بە هەوڵ و ئامرازێکی خۆ دەربرینی قۆناغێکی ژیانمی دەزانم، کە پێویستبوو رووناکیان بەر بکەوێت و سەر ئاوەڵا بن، نەک شاراوە و تەنها هەر خۆم پێیان بزانم.

ئەو پێواژۆییە ئەم هەناسانە هانیانداوم بەمجۆرە دەریانببرم و گەوهەری خۆمی پێ نمایشبکەم، واتە ئەگەر مرۆڤ ساڵانێک تاری و سەختی یان شێوازەکانی تێکۆشان لەگەڵ ژیان، هەڵیپێچا بۆ ئەوەی بە زمانی هەڵبەست شیعر بنوسێت، ئەوا مەرج نییە ئەو مرۆڤە ببێتە هەڵبەستوان و هەر بەو رێرەوەدا گوزەر بکات.

یان ئەگەر وا هانیدا بە زمانێکی چینایەتی یان ناسیۆنالیستانە یان چیرۆک ئاسا گوزارشت لە هەست و زمانی ئاخاوتنی بکات، مەرج نیە دوا رێرەو و پیارۆیشتنی ئەو مرۆڤە هەر لەسەر هەمان شێواز بێت، ئەگەر خۆی لەسەر یەکێک لەو رێرەوانە یەکلایی نەکردبێتەوە.

دەمویست هەرچۆنێک بێت، دەرفەتێک بۆ بە چاپگەیاندنی ئەم کۆمەڵە بابەتەم بدۆزمەوە، لەبەرئەوە نا پێم بوترێت هەڵبەستوان و خاوەن شیعر، تاکە مەبەستم بە فیرۆنەدان و پەراوێز نەخستنی ئەم کۆمەڵە هەناسە و کۆپلە و دەربرینی ئەو رۆژانەمبون، کە سات نا ساتێکی زۆر کورت و کەم لە ناو خەباتی چروپری رامیاری و هەمەلایەنەدا پێویستیدەکرد و هانیدەدام بەمجۆرە زمانە گوزارشت لە خۆزگە و روانینی ئەو کاتە و ئایندەم بکەم، تەنها بۆ یاد و رێزگرتن لە رەنجی جوانی ئەو چەند رۆژە کورتەی تەمەن بۆ هەڵبەست، لە ناو ساڵانێکی دوور و درێژی ناو خەباتی رامیاری و راگەیاندن، ئەم کۆمەڵەم بە چاپگەیاند.

هەڵبەتە ئەم وتانەی سەرەوە پاساو نین بۆ ئەوەی ئیتر پشت بکەمە شیعر نوسین و رێگریش نابن لەوەی ساتێک هەڵبەستێک بنوسم، تاوانیش نیە ئەگەر پێشم بوترێت هەڵبەستوان، رەنگە ساتێک کانیاوی ناخم لە زمانی شیعر زێدەتر هیچ رێگەیەکیتر شک نەبات بۆ خۆ دەربرین، لەوانەیشە پاش ئەم کۆمەڵەیە هەرگیز ئاور لە شیعر نەدەمەوە و ئەم بەرهەمەی ئێستام ببێتە

تاقە یادەوەری هەڵبەستم!!!!.
من پێموایە هەڵبەستوانە بلیمەت و لێهاتوەکانی ئێستا و رابردووی شیعر، هەرگیز رۆژێک بریاریاننەداوە ببنە هەڵبەستوان، بەڵکو ئەوە زمانی خۆ دەربرین و ژینگەی تێدا هەڵکەوتنی شاعیر بوە، خستویەتە سەر ئەو رۆتاییە و بەرەو پیری خۆی بردووە.

## تاوان

ئەگەر تاوان بێت خۆشم بوێیت
کەواتە من گەورەترین تاوانبارم

گەر خۆشەویستیت بۆ من گوناه بێت
کەواتە من گەورەترین گوناهبارم
ساڵی٢٠١١

## ژین

زەمەنێک بەر لە دارمانی پێکەنین*
عەیامێک پێش کۆچی خۆشەویستی
چەردەیەک تەمەنم فیدای خۆرنشینی ژیان کرد
کەچی پاداشتی ئەو تاڵاو بوو بە منی بەخشی
لای من ژیان سەرمەدێکی خۆش نوود بوو
بۆ دەست پێراگەیشتنی رووندک و شەونخونی دەویست
لای من ژیان بەهەشتی هەوڵە بێ براوەکانمان بوو
بۆ ماچی ژیان هەنگاو و نەترەی زیاترمان دەویست
لای من ژیان نواڵەیەک لە چەپکە ئەرخەوانیەکانی رەنجمان بوو
تا لە باوەشمان بگرێت!!
منداڵێکە رۆحی پر بەرائەت و چاوی روبارێک لە میهرەبانی
زارو دڵی دەریایەک لە شەپۆلی گوڵ باران و پێشوازی گەرمەسێرانە
وتم
ئەمێستا
ژیان پاش خەرمانەی رەنجەکانمان نێسکەی خۆیمان بۆ دەکات
نەمزانی هێشتا ژیان نەوەند و سارده کێڵە
من وام خەیاڵ کرد، ژیان کەزیەی درێژو خانمانەیە
نەمزانی هێشتا تیر بە دەست و شوانکارەیە
هێندەی فورات فرمێسکم رشت
هێندەی دایکی کۆشێک منداڵ شەونخونیم چەشت
بە قەد لوتکە ورەم هەبوو
هەنگاوم نا

هێندەی شیرین بۆ گەیشتن بە ئیرسی عیشقی ژیان ڕێگام پێوا
هێندەی فەرهاد ڕەنجم کێشا
بە توێشوی ڕێبواریمەوە
بە هەگبەی تژی لە تەقەللا و بە چاوی تێر لە نیگای ئازادیمەوە
بە سینەی پڕ لە ماچ و تاسەمەوە
بە حەسرەت دەرگاکەیم کوتا
کەچی ژیان دەرگای لێ نەکردمەوە

مانگی ئەیلولی٢٠٠٨
لە ماڵپەڕی شارستانی کاک ناسری حوسامیدا بڵاوبۆتەوە

*"دێرێکی ئیسماعیل خورماڵیە"

## بیرت دەکەم

بیرت دەکەم لە ساتە زیوینیەکانی ژیانمدا
لەگەڵ نەغمە و جریوەی ئەو باڵندانەی
مزگێنی هیوای نوێترم بۆ دێنن
یادگاری نوێت بۆ من چەپکە
وتە و بیرەوەری لە دەم هەڵوەریوی هاوەڵانتن
زەنگی بیرم لە دەروازەی یادەکانت دەداتەوە
لە زنجیرەکانی ئەم رەوتە درێژ خایەنەدا
تەنها یادەکانت
بۆ من بەجێدەهێڵن و بەجێماون
خۆزگە ساتێک زوتر بگەیشتمایەتە ئەو کاروانەی تۆ لەگەڵیدا
خاکی وڵاتت دەپێوا
ئاشنایی هەست و نەستی ئەو رۆژانەت بومایە
هەنوکە تۆ هەر شەوێک دەبیتە میوانی وەنەوشەیی خەونە پچڕەکانم
ئەو دەڤەرانەی مەنزڵگای تۆن
بە گوڵی سوری ئازادی دەنەخشێنن.

١٩٩٨/١٢/٨

## شەهید

قەت فرمێسکتان بۆ نارێژم شەهیدانم
قەت بۆ سەفەرتان دەستە و ئەژنۆ دانامێنم
جەستەی جێهێڵراوی سەنگەرتانم بینی
سۆمای چاوی چاوەڕوانی ئازیزانتان تێر نیگایانکردم
تا ماڵئاوایتان لێ بکەن
خوێنی ڕژاوتانم بینی بەسەر تاشە بەرد و خاک و لوتکەی بڵندییەوە
ساتێک بانگتان دەکردین
بە خوێنتان تۆماری تۆڵەسەندن بنوسین
زۆرم دەخواست پڕ بە دەنگ بانگتان بکەم
تا چیاش بزریکێنێ
لە سەنگەردا
لێ
ڕۆحم دەڵێت تۆش ڕێبواری ئەو سەفەرەیت
ڕۆژان دێن و دەچن ئێوە هەر ناگەڕێنەوە
سۆمای چاو لە ڕێگاتانە، تارمایشی لێ دیار نیە
ئەو ڕێگایە ڕێگای منە
پێکەوە لە هەوارێکدا بە یەکتر شاد دەبینەوە
ناڵە و دەنگمان بە یەک چریکە لە لوتکەدایە
یەک دەگرین و سۆز و وچانمان لە ئامانجێکدا ئاوێتە دەکەین
ئێسک و پروسکمان لە یەک خاک و یەک ڕێگەدا تێکەڵ دەبن
بۆیە بە دڵ پێدەکەنم و قەت ناگریم، چونکە توێشوی ڕێگای ئێوەم پێیە
لەو جیهانەی ئێوەی تیاروان
هەموو ڕۆژەکانی پڕ لە هەست و ڕۆح و ویژدانن
هەست بۆ ڕاستی و دڵ و ڕۆح بۆ خۆشەویستی ئادەمیزاد و ویژدان بۆ یەکسانی

١٩٩١/١/٢٣

## سەدایەک

ئەی تریفەی مانگەشەوان جێم مەهێڵن
ئەی ئاوازە بێ دەنگەکان
ئەی هاوارە بێ سەداکانی دورگەی ناخم
ئەی ئاورنگی سپێدە بزر بوەکانم
جێم مەهێڵن
من بۆ ئاسمان و پێدەشتێکی سەوز دەگەرێم
ئاگری ناخی منداڵێک خامۆش بکات
وەک ئەو منداڵەی دوێنی بینیم

وەک حەزی سەر هەڵگرتوی من
بۆ باوەشی گزنگ دەگەرا
سۆراخی ئامێزێکی ئارامی دەکرد
کە
ئەو هێشتا ساوایە و
ئامێزی دایکیان لێ زەوتکردوە
گروگاڵیان لێ حەشارداوە
گەورەش ببێت
دڵنیابە هیچ چراخانێک بۆی پێناکەنێت!
چونکە
لە ئێستاوە رەنجکێشە و تونێلی ژیان دەپشکنێت
ساڵی١٩٩٩

## ڕۆژ هات
لە خولگەیەکدا بسکێک تیرێژ بەجێمابوو

شەو داهات

ئەو چروسکێکی نەکوژاوە بوو

ڕۆژ هەمدیسان ڕووپۆشی تاوی هەڵدایەوە

درەوشایەوە

تیشکی هەتاو، ئامێزێک گورزی خۆی پەخشانکرد

بەسەر ترۆپکی هەڵەموتەکانی، ڕۆژێکی بە دادی پێی دەبەخشین

کە

ئەوانە هەر چرای ڕۆژێک نەبون، چیرۆکی ساڵانی ئاسمانێک بون

هەر

کە

ڕۆژ کراسێکی ئەستێران دەپۆشێت!

بەسەر کاشانی زەمیندا خۆی نمایشدەکات

ئەوان داستانی شەوانی نوتەک و ڕەشن

ئێوارانیش

سەرپۆشی ئاوریشمی ئەستێرانیان دەپۆشن

ئەوان جارِی وڵاتێکی خۆرەتاون، رۆژ پەرستن

ئەوان ئاگردان بۆ کرِنۆشی ئاگر دەگەرِێننەوە

بۆیە لە تاریکی شەوە زەنگدا روناکی خامۆش ناکەن.

١٩٩٩

## ئاوازی غوربەت

کە دێم بە تاو لەم بیابانە بێ هەستەدا
هەستێک لە تەنیشتمەوە باڵا ناکات
نەستی خۆرسک چرۆ ناکات، تا چرِکەیەکی چرپەکانمی پێ راسپێرم
لە بەردەم ئەو لێزمە ستەمکارە، دڵم دەریایەکی قوڵە
سەرنج و بیرەکانمی تیادا نقوم دەبێت
بێ سۆراخە کەچی دەریاچەی دڵی من
رۆح و رازە حەشار دراوەکانی هەناوی دەجریوێنن
هێزێک نیە یاقوتی ئەم زەریایە دەربهێنێت
مەلەوانەکان لە قوڵاییدا نقوم دەبن
زەمانێک خەندەی ئێوارەیەکی زەردەپەری نەخش دەکرد
ئەستێرەی ئاسمانی مرۆڤ و مەلەوانەکانی دەریایی هەناوم
هەموو بە کۆرسێک پێدەکەنین

بە چاوێکیش ئەسرینیان دەرشت
بە یەک ئاراستە لە شەقامێک گوزەریان دەکرد
ئەو هەنوکەش لە بەندیخانەی دڵی مندا ئەسیرە
ئەی سیارۆ بەم نامۆییە گۆشم مەکە
لەم هەڵکەوتە بە سامە دەستم بگرە
تا لە تینی قیژەی زامم سەرت سورنەمێنێت
بە زامێکی نوێم ئاشنا بیت
کە دەدوێم
ئەی سیارۆ
یەقین و چیرۆکێکی پڕ ئاوێتە بە پێکەنینی
تەمەنێکی سەوزی بەهاریم بە بیردا دێت
لە بیرتە ئەو تەمەنانەی پشکۆیەکی سوری ژێر خۆڵەمێش بوم
وتەیەکم نەدەدرکاند
لێ دەنگێکی زۆر بەرزیش بوم
من ئەو کاتە تازە تازە تۆوی گوڵەکانی باخچەی نیشتیمان
لە ناخمدا دەچێنران پاراو نە دەبون لە ئاو
پاش دوو تەمەن
لە ریشەوە هەڵکێشران
من چاوانم هەمیشە ئەو سترانە بێ ئاواز و لاڵکراوە بوو
کە هەرگیز شەکەت نەدەبون
چڵ بە چڵ دەکەوتە دوای درامای نەنوسراو
لە ناکاو دراما لە سێدارە دەدرا
وتە لە زیندان توند دەکرا
دەی تۆ هاوخەمم بە
ئەی سیارۆ
با ئەو نرخانەی لام قیبلەن سەفەر نەکەن.
ساڵی ٢٠٠٠

## دووریت!!

سالانی سپێدە پاک و نورانیەکانی جارانت
هێندە ئەفسوناوی بون ئەمێستاش لای من تازەن
ئەی فریشتەی تەمەنێکی سەوزی رابردووم
منی گەریدەی سەرهەلگرتوو، بۆ شکاندنی سنورەکان
لەگەل دیدی سپێدە زیوینیەکانی، ئەو تەمەنە ئەرخەوانیەماندا
سەفەر بردمی، ئیدی لە وێ رۆژەوە
لە کەنار و قولایی هەر پەرەیەکی دلمدا
هەلمگرتبوویت
ئەو سپێدانەی، تکا و فرمێسکە تەرەکانی چاوت
ئاگریان لە دلم دەکردەوە
ئەمێستا و پاش سالانێک لە دوریمان لام رێزنامەن
هەرگیز مۆلەت بە خۆم نادەم
یادەکانت لام کال ببنەوە
کە
خولیایەک بۆ عیشقێکی لوتکە ئاساتر
لە بیرمدا ئەندێشەی نابویەوە
دوا سەفەری مالئاواییم لێت
خەیال نەکەی یەکجاری بوبێت
بروا بکە هەموو رۆژێک تۆ رازم بویت
تریفەی مانگ و ئەستێرەم بۆ هاورازی تۆ رادەسپارد
هەموو شەوێک ئیلهامم لە چراویسکەکانی ئەستێرە وە وەردەگرت
وشەکانم لە دەنکە مرواری دەریا دەهۆنیەوە
هەستم بە خوناوی درەختە تەرەکانی شەو تێر ئاو دەکرد
ئاهی تریفەی مانگەشەو و سامال دەستیان لە ملم دەکرد
دەیان لاواندمەوە

تا جوانترین پەیوەست بونم بە تۆ وە بنوسمەوە
هەرگیز لای ڕەوەز، سەنگەر، پیادەڕۆییی شەوە درێژ و شەونخونیەکانی تەمەنی مۆراڵم
لە یادم نەچویت
کە
تۆ جوانترین مانات بە من بەخشی
منیش ئێستا بە ماناترین پەیکەری عەشقم لە ناخمدا
بۆ هەڵکۆڵیویت
کە
عەشقت عەشقێکی گەورەتری لە مندا ئافراند
ڕۆژیماڵئاوایی لە تۆ و بزربونی چاوگ و سەروەرەکەی ژیانم
ڕێچکەی عەشقم لە خود دا بینی
بۆ پشکنینی پەنهانە ئەزەلیەکانی ژیان دەگەڕام
هێشتا پەییم پێنەبردون
ئاخر ئازیزم تۆ خۆت پێم ئاشنایت
کە
دەست بۆ تەنها تاڵێک لە تیرێژ دەبەم
بە
بارتەقای باڵای هەتاو، دەبێت قوربانی بۆ بدەم.

مانگی ٣ی ساڵی ٢٠٠٠
لە ماڵپەڕی شارستانی کاک ناسری حسامی دابەزیوە

# ئیلهام

ئەی خۆری گەلاڕێزان، ئەی خۆری وەرزی خەزان
پرشنگە تیژەکانت لە کەشکۆڵی سەرم تیژ مەکە
بیری سەرسامم مەهەژێنە
کە
لە ئێوارەیەکدام فێرگەکەی
بە دەوری خۆیدا
خولی داوم
فێر خوازەکانی گومان و وشە و رامانی ئەو یەخەم دەگرێت
رێگەنادەن سەر هەڵبڕم بگەڕێمەوە
ئەو بیابانەی ویل وێڵ تیایدا دەگەڕام
ئەم تیرێژە
کە
چەپکە شیعر و کۆپلە وشە دەبارێنێت
نمایشی چیرۆکی سەردەم بە وشە و ئایدیا دەکات
بیری مرۆڤ دەئافرێنیت
قفڵی دەروازەی ئاسن دەپچرێنێت
ئەمرۆ فەلسەفەی فێرگەکەی ئەو پێمدەڵێت
شیعر چاوێکی تیژرەوە و روون بینە
لە ناو پەیژە جیاجیاکاندا یەک ئاراستە روون دەبینێت
شیعر بیرێکی هوشیارە بۆ ژین، روناکی دەچێنێت
سەمای ناخێکی مرۆڤایەتیە
لەگەڵ پێکەنینی منداڵاندا پێدەکەنێت
بۆ جەللاد تیر هاوێژە
شیعر

لەم دورگەیەدا فریادرەسە
وزەی هەمیشە هەر ماّن و هەر ڕێدەگرم
لە قاچەکانیایەتی
ئەو
وا
دەچێت هەموو چاوەکان لێکبچن
چرای هەموو دڵێک
پێکەوە دابگیرسێنن
بۆیە هەر هزری شیعرمان پێ دەبەخشێت
دەسا ئەی خۆر
جارسم مەکە و تیشکەکانتم لێ گیر مەکە.

ساڵی ٢٠٠٠
ئیلهامی پەرتوکی شیعری ئێوارەی پەروانەی مامۆستا شێرکۆ بێکەسە
١٦ی گوڵان

## هەولێر هروژمی خەمێکی تاساو

هەولێر زایەڵەی شاعیرێکی دەنگ نوساو
هەولێر سەمای ئاوازێکی لێک دابراو
فرمێسکی چاوێکی بە خوێن قەتێس ماو
ئاخۆ زریانەکەی نوح بوو یان چارەنوسی نەهات بوو؟
تیرێژی مانگی ژیان ئەی بەرخودانت لەکوێ وونکرد؟
رووی پێکەنینی رۆژانم، پەیامی گەشتێکی درێژ
رۆحی ئەم دەریاچەیە بە کوێ دەگات؟.

١٦/٥/٢٠٠٠
بۆ یادی ئەزیزێکم بەرخودان نوسراوە

## نیشتمان

ڕێبواری ڕێگایەکی دوورم
تا خۆشەویستیت لە دڵدا هەڵبگرم نیشتیمانم
من کچی دوای گزنگی خۆرم
تا گورزێک هەتاوت بۆ بهێنمەوە
نیشتمانم
من کچی خاکەکەی شەمم عەشقت بۆ دەگەڕێنمەوە
من کچی چاخی فیردەوسیم
وشەی یەکسانی لە دەستچوت
بە هەڵبەستێک دەهۆنمەوە
بۆ باڵای خوێن و خۆڵاویت
نیشتمانم
دڵۆپی تەرزە و ڕەهێڵەم لە روبارەوە هەڵدەکشێم
لە پەلە هەوری تاریکتا
شاڵاو دێنم دەزریکێنم
تا پەنجەیەکی گەرداویت بێگەرد بکەم
من کچی تۆی دایکم
نیشتیمانم
پەیامت بۆ مرۆڤایەتی مەشخەڵمە
مەبەستت بۆ کەسایەتی ئاڵامە
سوێند بە تابلۆ و باڵای بەرزت
شاخ و وێنەی شەهیدانت
سوێند بە قژی پەخش و بڵاوت
بسکی خۆر و بیر و ناونیشانت
سوێند بە چاو و شەوقی ئاسۆت
ئەستێرەی بەرزی شەوەزەنگت

تابلۆت لە دڵدا دەنەخشێنم
نیشتمانم
لە یادت بێت
هەمیشە بۆ خۆشەویستیت دەگەڕێم

کەچی تۆ هەر تم لێم وونیت.
٢٩/١/٢٠٠٠

## ٤ی نیسان

ئەو ڕۆژەی تۆ لە دایکبوویت
ژیان لە دایکبوو
درەختی جیهان شکۆڤەی کرد
کە
تۆ لە دایکبوویت
شەونمی فێنکی سپێدە پژایە سەر پەڕەیی لالە
ژانی ڕۆژی لە دایکبوونت
بون بە زریکەی مرۆڤ و پەنهانی سروشت
بە سروود هەڵبەستی کۆرالێک
بە خۆری ئازادی هۆنرایەوە
ئەو ڕۆژەی لێی لە دایکبوویت
پەیام بە گشت گەردوون گەیشت
مژدە درا
منداڵی سەردەمێکی هاوچەرخ لە دایکبوو
ئەو ڕۆژە مێژوو ناوی گۆڕا
ئەستێرە بە ئاسماندا چراخانیان داگیرساند

جریواندیان
سیمی بەندبونیان قرتاند
تۆ ڕوەکێکی خۆرسکبویت
لە زێدێکی بە پیتەوە ئافرێنرایت
ئەو سوارە بویت ئەسپی تێکۆشانت تاو دا
مەشخەڵێکی داگیرساوت بەرز کردەوە
ئەو ڕۆژەی تۆ لە پشت هەورەکانەوە هەڵهاتی
گزنگی ڕونت بە گەردوون بەخشی

تۆ یەکەم نەوەی دایکێکی لێهاتوو بویت

که
دایک و خاک و ژنت پێناسە کرد
ئەو ڕۆژەی تۆ لە دایکبویت
شوناس لە یەخەی مرۆڤ درا
ریز بەندی هاو رەگەزەکانی مریەم عەزرا
روی ئەو خاکەیان ماچ کرد
که
مریەم عیسایەکی سەردەمی نوێی
لەو خاکەدا بەدیهێنا.
کوردستانی رۆژهەڵات ٢٠٠٠/٣/٣١

## که دەفڕێت

که دەفریت ئەی باڵندە خۆش بەختەکە
لە بیر نەکەیت باڵندەی دەرونی منیش لەگەڵ تۆدا
لە ئێوارە درەنگێکدا، که دەم کەل رووی وەردەگێرێت
تاریکی لە ئاسمانە لێڵەکەیدا سەما دەکات
تاری درەنگە ئێوارە ئامێز بۆ شەو دەکاتەوە
مەلی دەرونی منیش بە ئاسمانی فراواندا پەل دەهاوێت
لە مانگە شەو دەپارێتەوە جێی نەهێڵێت
نەیخاتە زیندانی تارەوە
دڵم ئەی باڵندە خۆش نودەکە، زیندانی شەوی ناوێت
با چرای دڵمان رۆشن بکەین
بۆ دەستگیری تروسکەیەک کرنۆش بۆ شەوی تار نەبەین
با خۆشنود بن مەلان و مەشخەڵی رۆشن
رۆژانی روون لە تاریکستاندا وون مەکەن
تۆش مەفرێ و مەلی دڵم جێمەهێڵە
با دوای کۆچت
کاروانی کۆچ روو لە کۆشکی دڵی منیش نەکات
که من هەر تۆ و شنەی چەند سپێدەییەک و تریفەی مانگ، هەواڵ پرسمن!.
٣/٨/٢٠٠٠

# کچێکی ئاسمانی

ئاسمان رووی کیژێکی فریشتەییە
رووی میهرەبانی دەنوێنێت، ئەستێرە چاوەکانیەتی
پەنهانی ئەزەل و داستانەکانی گەردونی پێ دەبینێت
ئاسمانی روویی، دڵۆپی دەریا و تینی ئاگر
خوناوی خونچەی سپێدە هەڵدەکێشێت
ئەوسا بارانمان پێدەبەخشێت
سەر زەمینمان تێر ئاو دەکات
رەنگی ئاسمان، تاڵ و کەزیەی ئاوریشمێتی
هەرتم روو لە ئاوەدانییە
مانگی پەلکەزێرینە دێنێت
هێزی راکێشانی خۆرە، ژیانەوە دەپەخشێنێت
لە نیساندا
قژی رەنگاو رەنگی پەخشان دەکات
سەرتاپا گەردوون دادەگیرسێنێت
چاوەکانی گەش و دژوار دەبرێتە ئەم ژینە
نیگای دورترین سۆما دەکات
ئەزەلی گەردوون رادەکێشێت
دەستەکانی ئاراستەن
کاسەی ئاشتی بۆ ئاسمان بڵند دەکات
تا بە تیشکی خۆر پریان بکات
ئەم دەستانەن رووی ژاکاوی کەوشەن دەنازێنن
تیشکە تاوی ئاوەدانی دەئافرێنن
ئەم کیژە
پنتی بەهاری لە ناخدایە

که
به نیسائ ناو نراوە
روناهی لە گەوهەرییەوە هەڵدەقوڵێت
هەتاو پەیکەری ژنێتیەتی.

٢٩/١/٢٠٠٠

## ناسنامەی ژنێتیم. ....

لە ئەوەڵ تروسکەکانی منداڵیمدا
ئەو ساتانەی لەگەڵ شەونمی سپێدە پێدەکەنیم
ئاوێزانی باڵای پر تیریژی زیندەگی دەبوم
بێ خەبەر لەو تەوقە ئاسنینەی بە گەردنمدا هەڵواسرابوو

لێی نوسرابوو
تۆی کچ...
تا هەمیشە خۆش مرورنیت

مەخەنێوە
بێ ئاگا لە تەونی ئەهریمەنەکانی پەرژین
بە دەستی باخچەکەم
منی کچ منی ئافرێنراو بە پاکیزەیی
کە
رۆژگارێک بە تاڵە نەگریسەکانی سەروەری
روپەلی تەمەنمیان پر کردەوە

لەو ساتەوە
کچ بونم کردمیە
لێگەری
تروسکە زیوینیەکانی منداڵیم
لێگەری هەناسە بێ سنورەکانی ئازادی....
لێگەری دەروونە بێ خەوشەکەم
کە
ئەهریمەن و راستی یەکسان خۆشدەویست

لێگەڕی سەمای ئەو خەونەی هەر بە ساوایی زیندە بە چاڵ کرا
لێگەڕی تامەزرۆیی و گەڕانەوە بۆ پێدەشتەکانی بە هەشتی خواییم
لێگەڕێنم
کچێنیم پێی بەخشیم
کچبونم بە گوێمدا چرپاندی
پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ شۆڕشگێرانی وڵاتەکەمدا ببەستم
ناسنامەی کچبونم بە توخوبی ژینداً گەڕاندمی
تریفەی مانگ و خۆشەویستی هەسارە و ئەستێرەی
بێ ساماڵی ئاسمانی نیشاندامەوە
ئەو
بە پەنهانی چیاو و دارستانی ئاشنا کردمەوە
ئەو ماچی چاوگی کانیاو و هاژەی رووبار و شەپۆلەکانی دەریایی بۆ ستاندم
کچێنیم
پەلکێشی نهێنی شەوە ئەنگوستە و تارەکانی تەڕ و توشی زستان و

رێپێوانە پیادە درێژەکانی شەوی کردم
کچێنیم بوو
عەشقی ناسک و موچرکە هێنەری کازیوەی بەیان و تاریک و روونی
رۆژی فێرکردم
پێی ناساندم
ئای منی کچ
کەرات هێنام لەگەڵ خامە و پەرتوک رۆژ بکەمەوە
لە سەنگەردا چەک دەزگیرانم بێت
تۆ ئامۆژگارم بوویت لە یەک ساتدا کچ بم بە ناسنامە
هەڵبەست بۆ عەشقی بوێری و هەنگاوە ئەزەلیەکان بچرم
تۆ دەرستدام لە قەفەزی زیویندا
بە تەنیا گوێ و ناخم بە هۆنینەوە شەیتانیەکانی سەر بە ژن و باڵام سەرمەست نەبم

ئەوە نیە
لە وەتەی هەم باجی کچبونم دەدەم
ئێستا منی کچم بومەتە ئاوارە
قەت
نازانم
گەڵا زەردەکانی تەمەنم لە کوێ کپە
هەموو دەنگەکانی ناخم چی زیندانێک لە خۆی گرتوون
منی کچم
کە چێژی ژینم لێ تێکچووە و ماناکانی ژینم
لە جوانترین تەلبەندی ژەنگاویدا قەتیس ماون.
مانگی ٤/٢٠٠٠
سنوری رۆژهەڵاتی کوردستان

# له دوریت ناژیم

له دوریت من شەرابی مردن دەنۆشم
له دوری تۆ کەسێک نیە
سۆمای چاوم له دووری ڕێگەت پڕ نیگا بکات
دووری تۆ ئۆقیانوسێکی نەزانراو بێ ناونیشانە
کەشتی ئۆقیانوسی دلی منیش
لە گەشتدایە
سۆراخی تۆیە
دەریاچە، دەریای گرتۆتە بەر
له هەموو کەنارێک لەنگەر دەگرێت
تا شەپۆلەکان ڕاینەماڵن
چی دالێکی وەیشومە بوو
چنگەکانی لێگیرکردین، هەڵی گرتین
هەر یەک له ویستگەیەکدا له سێبەری تارمایی و ڕەشپۆشی شەودا
زنجیریکردین
ڕۆژگارانم چاوەڕێتم
گوێ هەڵدەخەم بۆ جریوەی مەل
بۆ سروەی شەماڵ، بۆ چرپەی ڕێبواران
شەوگارانم دەگەڕێم چاو لێک نانێم
تا بزە و وشەیەکت بێنمەوە یادم
له ڕووی پێکەنینی مانگەشەو دەڕوانم
بۆ بزەی بە مانایی ئەستێرەی شەوە تاریکەکان دەڕوانم
توند هەردوو دەست بە درەختە ڕەگ پتەوەکانەوە دەگرم
تا خەیاڵ و یادی شیرین، چیرۆکەکانی ڕۆژم لەگەڵ تۆدا
بە لێشاوی خۆیان نەبەن
بەڵام
بڵێم چی

تاوە بارانی بێ بەزەیی، گەڵا وەریوە پاییزییەکان
تاڵەکانی قژ و رەگی ناخم رادەکێشن
تۆم لە بیر دەبەنەوە، کە لە بیرم ناچیتەوە

٢٠٠-٣/٢٧

## جەژنی منداڵانی هەڵەبجە

ئەی چاخە بەردینەکان چۆن ڕەوایە منداڵانی شارەکەم لە جەژندا
پەپولە گیان هەڵوەریوەکان ببنەوە هاوڕێیان
لە جێی زەردەخەنەی لێوە پشکوتوەکانیان فرمێسکی چاویان هەڵوەرێنن؟
ئەی ئەو دڵە ئاسنینانەی هەنسک و گریانی بە کوڵی منداڵانی دڵشکاوی
وڵاتەکەم
ناتان توێننەوە
دەبێنە گۆ
ببینن چۆن ئەمڕۆ منداڵان
بێ نەوایانی شاری شەهیدی هەڵەبجە
لە جێی جەژنە پیرۆزە و شاری یاری و بزەی لێویان فرمێسک دەسڕن
ئەی نازانن مندالی ئەم دەڤەرە نغرۆت دەکەن
بۆ مانگ لەم ئەنگوستەچاوەدا
لە پشت هەورەوە خۆی حەشار دەدات؟
بۆ قوژبنی تاریکی شەو ناپشکنێت
ئەستێرە لە تاریکی قوتار ناکات؟
ساوایانی هەڵەبجە ئەمڕۆ جەژن بۆ ئێوە نیە
ئەمڕۆ جەژن شینی گەرمی هەڵەبجەیە

١٦/٣/٢٠٠٠
لە ڕۆژنامەی ژیانی ئازاد دا لەو ساڵەدا بڵاوبۆتەوە.

## هەڵەبجە

ئەم سپێدەیە هەڵەبجە بەهاری حوزنێکی رەشە، وەک بەرگی دایکێکی شەهید
ئەم سوبحە شەونمی کەنار گەڵای درەختی بەیانیەکیان بە خەردەل خنکاند

هەڵەبجە نیشتمانێک لە وەنەوشە لە تارترین بەیانیدا شەهیدیان کرد

هەڵەبجەکەم کامە رازت بڵاوێنم، کە هەموو قاژووەکانی دۆزەخ بۆی دەڕوانن

ئەم بەیانیە هیجرەتی عیشق و نیگاکانی کازیوەیە

کام بست لە خاکەکەی نالی و شەم و مەولەویت لە باوەش بکەم

ئەی خاک و مرۆڤ و شارە شەهیدەکەم هەڵەبجە

ئەو رۆژەی کەشکەڵانی گەردوون

بۆ سێ خولەک گوێیان ئاخنی

شەمەندەفەری رێگرتوی سەر هێڵی ئاسنینی ژیان ڕەوە و بەستبوو

بەسار، بابڕوزی ژاراوی هەڵیکرد

سپێدەیەکی دۆزەخی زریکەی نەوەیەکی تەمەن ناسکۆڵانە

تێکەڵ بە قاقای جەللادەکەی بوو

شارە هەست خاپور کراو و هەوارە خانومانەکەم خامۆشکرایت

هەنوکە هەواری گەرمە کۆڕت هەواری کۆستن
ئێستا گردی جەڵجەتایە
ئەم بەیانیە هەستێک لە دامێنی ئەم شۆستەیەدا شەهیدکرا
بەر لەوەی لە هەڵبەستێکدا بهۆنرێتەوە
ئەم بەیانیە مژدەیەکی ڕوو بە بزە

لە کوچەی گەرەکێکی هەڵەبجەدا لە خاچدرا
بەر لەوەی خۆش مژدەیی لێ بکرێت
ئاوات و هیوایەک شەهیدکرا
کە ژیان ملوانکەیەک بوو لە ملی کردبوو

فرسخی بە مردن نەدەدا
ئەم سپێدەیە چرۆیەکی ناکام بە دیار دوکەڵی گریانی ئەم شارە وە هەڵایژابوو

پر بە دڵە هەڵشۆەکەی بۆنی گوڵی ژینی هەڵنەمژی، بە بۆنی سێو شەهید کرا
داخۆ! سێلاوی کام غەزەب بوو
لە بەهاردا تەکانی داو هەتاوی مەملەکەتێکی خنکاند
لە ئامێزی بە ئاخوندی ئەو زستانە بۆ نەهاتەی سەرپۆشی سپی فڕی و بەهاری بزرکرد، زریانی نوانیاری رەوانە کرد
کە
ئێستاکەش سەر ناچەمێ و بەهار دەڕوێتەوە لە هەڵەبجە
١٦/٣/٢٠٠١

## گوڵێک هەڵوەری

چەند بە ئازار لە دایکدەبین

یەکەم خولەکی لە دایکبوون دەقیژێنین

بە ساوایش زریکەمان دێت

لە تاو بۆنی فیشەکی تەقیوو

رووی سامناک و دەنگی ناساز

کە

هانامان بۆ دەهێنن

لەبەرئەوە، ئەی ساوا دڵ شکاوەکە گەر بڵێم ئاساییە

گوللەیەک پشتی پێکاویت

سەرت سوڕ نەمێنێت

چونکە

ئێمە
لە بەرزاییەکانی چینی ئاسمان ناژین
کاتژمێرێک رەوانە بکەین

لە ناو بەهەشتی سەر رووی زەمیندا

هەر رۆژ دەسوتێنرێین

قەڵاچۆ دەکریین

هەڵدەوەرێنرێین

گەڵای قەرسیلی دڵی منداڵانی

زێدی منیش رۆژانە هەڵدەوەرێنرێن

٢٠٠٢

## حەوارییەکان

یانزدە حەواری بونە پەیکەری رەنوە بەفر
بە نێو کاکیشانی ئاسماندا کشان
یانزدە ئەستێرە بونە چاوی زەمین
لەو دەمەرا
ئێواران تا داهاتنی تارمایی و ئەنگوستەچاو
گۆیژە و سەفین چاو لە رێیانە
شەقامەکانی شار تامەزرۆیی گەرانەوەیانە
کەچی ئەوان رازی دەرونیان بە گوێی رەنوێکدا چرپاندوە
چاوانیانی لە باوەشە بەستەڵۆکەکەییدا

لە خەوێکی قوڵدا نواندوە

هەیڤی ڕەشەمێ بوو

بە دەربەندی زریانێکی بەرگ سوردا سەفەریانکرد

هەر

لە مانگی ڕەشەمێدا دەستەکانی ئازادی کەلەپچەکران

سروشتیش

هەر لە ڕەشەمێ دا

بۆ گەرمکردنەوەی هەناسە تەزیوەکانی بەفر

یانزدە حەواری خستە سەر ڕەوی سەفەرێکی تا هەتایی.

شوباتی ٢٠٠٢

## ڕەوەند

هەمدیسان باڵەکانی شەو لە ناو تەڵەزگەی تاردا
لە نێو کەوشەندا چەق دەبەستێت
دەخوازێت چاوەکانی ڕۆژ بە هەوری ساو ڕەش دابپۆشێت
ئەم شەوە چنگە کرێیەتی، بسکە زەرد و زێرینەکان بژاکێنێت
مانگی گەش وەک ڕێبواری ئەم سەرما وەرزە
بە ناخی ڕەنگ خۆڵەمێشی گەڵاڵە هەورەکاندا، لاسارانە گوزەر نەکات

ڕێگە لەو تروکەیەی من بگرێت، کە تازە لە ئەشکەوتی سەهۆڵبەنداندا ڕەوم
کردوە
هەتاو تەوێڵی ماچکردوم
لە منێک، کە ئاگرم وەک سروشێک
بۆ ما خولیاکەی زەردەشت نارد
لە بستۆکە خاکەکاندا تۆی درەختی سەوز و
داربەڕوم ڕواند
من شایەکی دادیارو خوداوەندی ڕۆژێک بەهار بوم
ڕۆژێک دایکێکی میهرەبان
لێ
دەستی نەنگاری پەردەپۆشی ڕووی ڤینۆسی بەهەشتی کردم
کە
من ئێستا هاوار بۆ ویژدان دێنم
تینوم و دەنگم نوساوە
لەسەر ڕێگەی گەیشتنم بە تنۆکێک مەستی ژیانم
٢٠٠٢

## یادت

ئەمساڵیش تەمەنێکیتر هاتە سەر خەزانی بیرەوەریت
سەربازی وون
ئەمسالیش هەولێر مۆزەخانەی یادگاریتە
ستایشگای ژینت دەکات
لە پێش بارەگاکەتانا لەسەر سەکۆیەکی سەوز
لە بنارێک، کە ڕۆژانە ئاوازی سەمفۆنیایەکی

تێدەچرێ
تاجە گوڵینەکەی دادەنێت
بۆ یادی ئەو شیعرانەت لە خاچدران
بۆ روندوکی ئەو باخچانەت
نێرگزە جاریان ژاکێنرا
بۆ ئەو رۆژەی کۆچیان بە ئەسرینی بەهار
روە و هەواری نادیار کرد
نا هەولێر دڵنیابە تاجەگوڵینەکەت دانێ
لەسەر رووکاری هەر کوچەیەک، کە زەردەخەنەیەکی گوێ لێبوە
لە بەردەم مێرگ گوزاری زانکۆدا
لەسەر تاقە کورسیەک، کە بۆنی تەنیایی لێدێت

لە ناو ناخی نێرگزە جارێک

بۆ گیانی وونبوی یادێک

بۆ بیرێکی گەشتکردوو

لە زایەڵەی

ناڵەی چەکی شۆرشگێرێک

بۆ ئاهەنگی لێوی منداڵێک

لاواندنەوەی دایکی شەهیدێک

چونکە گشتیان یادو زەردەخەنە و بیری سەربازێکی وونن

ناونیشانیان"بەرخودانە"
١٦/٥/٢٠٠٢

## ئارەزوییەکی نەمام نەکردو

ئێمە فێریین لە ناو تاجە گوڵینەکانماندا بە بۆنی باروت گەورە دەبین

فێرین هێشتا بوکە شوشەی منداڵیمان لە ئامێزدایە

کەشتیەک خەم لە دەریای قوڵی سنگماندا لەنگەر دەگرێت

زریانی بە سامی رۆژگار، رێگە نادات تیرێژ رووەمان تێبکات

نیهادیشمان رێگە نادات ئەوێ زریان بەر کەنار نەکەین

لە تاجە گوڵینەکەتدا ئازیزەکەم، کە چاوت چو بوە

خەوی سەفەرێکی ئێجگاری

زەردەپەڕی بێداربونەوەت لە ژێر تاوە بارانێکدا شارا بویەوە

یارانی مەملەکەتەکەت لە تابوتێکی ساکاردا

لە هەواری ئاری و سیپان

بۆ هەتایی سپاردیانیت

ئەمێستا لە خەڵوەتگای خاکدا، کە خستوێتیێ ناو سینەییەوە

ئەمجارەیان ئارام لە رەهێڵە و فرمێسکی ئاسمان بنۆڕە

نێرگز و بەیبونی دڵت لە رەنگی سوری گوڵاڵە دەروێنێت

لەم خاکی میهرەبانیە زویر مەبە

کە
شەو و رۆژ چاو لە چاو دڵ راگرتە

ئەو دایکە بەسۆزەیە، کە وێڵی بویت و بە دەم خۆتەوە دەتدواند

ئەگەر چریکەی مەلان لە خەو رایان پەڕاندی لێیان مەگرە

ئەوە ئەو سەمفۆنیایەیە، کە سۆراخت دەکرد و گۆرانیت بۆ دەچڕی

ئەگەر بۆنێکی نامۆ هەراسانی کردیت

بۆنی بکە ئەوە ئەو دەستە گوڵانەیە، کە بێوچان لێیان دەگەڕایت

بازنەیەکی گوڵینەت لێ ئافراند

دواجاریش لە ناویدا چاوت لێکنا

ئەگەر رۆژانە پۆل پۆل هاتنە ژوور سەرت بزانە

ئەوانە ئەکتەرە نەناسراوەکانن

کە

تامەزرۆت بون و  تۆ هێشتا نەتناسیبون

ئەگەر لەسەر گڵکۆ خاکیەکەت

هەر جار کراسێکی لە گوڵ نەخشێنراو رەنگی سور و سەوزیان لە بەرکردی

ئەوە ئەو کراسی بوکێنیەیە، کە بۆ ئەم زەماوەندە بۆیان دیاریکردی

بۆیە دەبێت گوڵی خاکەکەم، لەم گەشتەدا وەک دەریایەکی بێ بن وا بیت

هیچ زویر نەبیت.

٢٤/٤/٢٠٠٢
بۆ شەهیدبونی ئەلەنیا نوسراوە

## ئەی فریشتە

لە ژێر بەرداشی ئازارە یەقینەکاندا دەکشاییت

بە خێرایی خۆت بە پشتی خۆرەوە گرێ دەدا

یەکسەر لە ژێر تاڵی تیشکیە وەنەوشەییەکاندا

فەرهەنگەکەی مێژوت ئاواڵا دەکرد

لە ژوور سەرتا

خۆری دەم کەلت دەبینی

خۆت دەگەیاندێ و دەتویست هەر بە پاکیزەیی

ڕێگا بگریت

لە ئامێزییان بگریت

هەر بە پاکیزەیی بفڕیت

تۆ

لە ژێر زەمینی قەفەزێکی ئاسنیندا

تاوت دەسەند و

هەر نوێژت بۆ خۆر دەکرد

بە ئاونگ دەست نوێژت دەگرت

وەک خۆڵەمێشێکی پاکیزە

لە نەنگی، نەزۆکی، خۆت پاڵاوت
تا خۆرەتاو دەستی گرتی.
٢٠٠٢

## گەشبین

ڕۆژێک دادێت پرزۆڵ پرزۆڵ دەبن
ئەو دەستانەی لە خوێنت گیر بوون
ئەی بوکی کوردستان گەشبین
کانی ڕووبار زەریا و چاوگی دەریاچەکان
شاخ و قەدپاڵ کێوو لێرواری کوردستان
گەواهی بۆ ژیانت دەدەن
کاتێک
لە لوتکەیەکم پرسی ستایشی تۆی دەکرد
بە دەم هەڵبەست هۆنینەوە
یاداشتیکرد
لە سینگمدا تەوارێکم حەواندەوە
ژنێکی کورد بە وێڵ بوو، سۆراخی ئازادی دەکرد
گەشبین ئەو وێڵە گەشتیارە، سنگی منی هەڵدەکۆڵی
بۆ
شاکاری مێژوی ئازادی دەگەڕا
گەشبین هەستناکی نیشتیمانی هەڵدایەوە
زوو تینوێتی خاکی دۆزی
جا بە پەلە خوێنی پێدا خاک تێر ئاو بوو
ئەویش
لە باوەشی فراوانی ئەم دایکەدا
چاوەکانی چونە خەوو نەمر ژیا
٥/٨/٢٠٠٢
بۆ شەهیدبونی گەشبین نوسراوە

## ژن

من چیام بەردەبازی هەزاران چەرخی سپڵەی ڕاگوزەرم

من کۆساری ئەم جیهانەم لە ناخدا پێچراوەیە
کانی و ئاوم لە بناردا رو,باری هەرگیز  نەوەستاوە
درەختی تازەی بەهارم، پەیامی بانگی ژیانن
مەتەرێزی کاروانی رێچکەی ئازادی، چیا و شاخی کوردستانن
لوتکەی ورە و باوەری من
وەک لوتکەی تۆ گەردن بەرزە
ئێمەی یەکسانی خواز، ژنانی ئازادیخواز
رووە و یەزدانی ئازادی
رووەو ژیانی دلشادی قاف و تەناف ناناسین
بەرەو ژیان هەنگاو دەبوژێینەوە
٢٠٠٣ بەغداد

## جەژنی گوڵ

کە
ئاورینگ بویت ئاگری شەو  و چراکانی گەلی ئاریت داگیرساندەوە
کە
ئاوازی زامەکان بویت، نەوای تەمبورەکەی زەردەشت لێدرایەوە
مەشخەلی شوعلەی ئاڤێستا هەلگیرایەوە
وا چاوە نورانیەکانی بۆ لاپالە گرنجەکانی شاخ چاو دەگێرن
ئەوە پێدەشتەکانی بەندەنن لوتکە دەپێون
چونکە سروشتی یەزدانی رۆژیان پێیە
پاکیزەکانی پێدەشتی ئازادی سەمای گولان بەناز دێنن
لەنجەی گولستانی باخی بژوێنت دەچنن
جەژنی گولی مانگی ئابە
لەو رۆژەوەی خەرمانەیەکی رەنگ زەرد
سونبولە گەنمی تەوێلێکی گرنجی دێرینە
لەو رۆژەوەی پۆلۆی ئاگر

تیشکی دوارۆژی هەژارانە ئابیش جەژنە
٢٠٠٣

## با یادت کاڵ نەبێتەوە

تیانوسەکەم تینی گڕی نەورۆزە

پێنوسەکەم چڵی نێرگزی بەهارە

هەڵبەستەکەم شینی هەڵەبجەی سورە

هەستم قەڵبەزەیەکی بێگەرد

بە دێڕی گوڵی پەیف خەملێنراو

لەسەر پەڕەی دڵێکی قەت زویر نەکراو

بە قردێلەیەکی هەرە کاڵ و بەقەم، دەرزیلەیی کەنار ڕێژە

لەم نەورۆز و ئادارەدا بۆت دەچڕم و بۆ یادی تۆ

هۆ ژەرەژە باڵ خوێناویەکە

گوڵی مانگی نێرگز و نەورۆز

مەشخەڵی روونی ئاگرە پیرۆزەکەی زەردەشت

ئەگەر کرا بە دەنوکی سوری تریفەیەکی مانگەشەودا

یاخود لە تەک شنەبای نەرمی سپێدە، یان هەر نەبێت

بە چرپەیەک

بە گوێی کپی چروسکی بن خۆڵەمێشدا

نەرمە هەواڵێکی خۆتم بۆ بنێرە

یان چراوگی یاداشتنامەکەت بنێرە

ژەرەژە باڵ خوێناویەکە بچریکێنە

ئەی ژانی لە دایکبونی ئەستێرە
گەر

بۆت کرا

ملوانکەیەک مرواری لە هێشوە ئەستێرە

لە دەنکە فرمێسکی دەریا

لە هەناسەی بە تاوی گەرمەسێر

بهۆنەرەوە

با

له گەردنی داستانەکەتی بدەم ،یادتم لا کاڵ نەبێتەوە.

٢٣/٣/٢٠٠٣
بۆ یادی ئازیزێکم بەرخودان نوسراوە

## فرمێسک

هەموو رۆژێک چاوەکانم گەڵاڵە هەورێ لە خۆ دەگرن

رەهێڵە بارانێک بەسەر تەمەنی هەمیشە زستانەمدا دەبارێنن!

چاوەکانم بونەتە زەریا و ئۆقیانوسێکی سەرچاوە

تاسەییان لە رێژنە ناشکێت!

زۆر لە مێژە تینویەتی چەمی بەهارم شکاندوە

کەچی بارانی چاوانم، کارێزێکی بەهارییە

تاوەسوتی هاوینەشم وشکی ناکات

خۆرەتاوی خەرمانان و گەلاوێژیش پێراناگات

ئەشک لە وڵاتیدا کۆچ ناکات

لە پێدەشتی پایزی دڵمدا

حەزەکانم هەمیشە ناکام

لەم سەرابەدا هەموو رۆژێک

خەندە زویرو فرمێسک بارینی حەزەکانمە

هەولێر٢٠٠٥/٥/٢٤
لە ماڵپەڕی شارستان ی کاک ناسری حسامی بڵاوبۆتەوە

## ژین

زەمەنێک بەر لە دارمانی پێکەنین*

عەیامێک پێش کۆچی خۆشەویستی

چەردەیەک تەمەنم فیدای خۆرنشینی ژیان کرد

کەچی پاداشتی ئەو تاڵاو بوو بە منی بەخشی

لای من ژیان سەرمەدێکی خۆش نوود بوو

بۆ دەست پێڕاگەیشتنی رووندک و شەونخونی دەویست

لای من ژیان بەهەشتی هەوڵە بێ براوەکانمان بوو

بۆ ماچی ژیان هەنگاو و نەترەی زیاترمان دەویست

لای من ژیان نواڵەیەک لە چەپکە ئەرخەوانیەکانی رەنجمان بوو

تا لە باوەشمان بگرێت!!

منداڵێکە رۆحی پڕ بەرائەت و چاوی روبارێک لە میهرەبانی

زارو دڵی دەریایەک لە شەپۆلی گوڵ باران و پێشوازی گەرمەسێرانە

وتم

ئەمێستا
ژیان پاش خەرمانەی رەنجەکانمان نێسکەی خۆیمان بۆ دەکات

نەمزانی هێشتا ژیان نەوەند و ساردە کێڵە

من وام خەیاڵ کرد، ژیان کەزیەی درێژو خانمانەیە

نەمزانی هێشتا تیر بە دەست و شوانکارەیە

هێندەی فورات فرمێسکم رشت

هێندەی دایکی کۆشێک منداڵ شەونخونیم چەشت

بە قەد لوتکە ورەم هەبوو

هەنگاوم نا

هێندەی شیرین بۆ گەیشتن بە ئیرسی عیشقی ژیان رێگام پێوا

هێندەی فەرهاد ڕەنجم کێشا

بە توێشوی ڕێبواریمەوە

بە هەگبەی تژی لە تەقەللا و بە چاوی تێر لە نیگای ئازادیمەوە

بە سینەی پڕ لە ماچ و تاسەمەوە

بە حەسرەت دەرگاکەیم کوتا

کەچی ژیان دەرگای لێ نەکردمەوە

مانگی ئەیلولی٢٠٠٨
لە ماڵپەڕی شارستانی کاک ناسری حوسامیدا بڵاوبۆتەوە

*"دێڕێکی ئیسماعیل خورماڵیە"

## ئەمشەو

ئەمشەو لە تەنیایی وشەی تەنیا تەنیاترم
ئەمشەو خامەی چەندین ساڵە و تەمەنم رووم تێناکەن
لێم موکرن لێیان هەڵبێم، لێم تێناگەن
ئەمشەو منی تەزیوو بە لاپاڵە بەفرینەکانی سەفەری تۆش
منێک دەستەوسان لەگەڵ خەمێکی شاراوە
نازانم بۆ کوێم کێش دەکات
لە کام لوتکەی تەنیایی جێمدەهێڵێت

بە کام خەمیترم دەناسێنێت

گەر لە سێبەرتدا وچانێک بدەم ئەی خەم، دەبێت لە بۆتەتدا بتوێمەوە
گەرچی حەز دەکەم بە قوڵایی ڕێچکەکانتدا ڕۆبچم و
تا تەمەنێک لە گەڵتدا بمێنمەوە
ئەو کاتەی تۆ یەخەم دەگریت من واقیعیانەتر خۆم دەناسم
ئەمشەو بارگاوییم بە خەم
منێک تەنیاتر لە هەنسکەکانی ئەو کیژۆڵە بێ نازەی
بە تەنیا و خەفەکراو دەگری
منێک تەنیاتر لە فرمێسکە قەتیس ماوەکانی چاوی دایکم
خۆم دەزانم بۆ وا تەنیام
خۆم دەزانم بۆ تەنیایی لانەی سینەم بەرنادات
من هەموو ڕۆژێک وچانێک لە ڕابردوو
لە ڕاگوزەرێکی خەبات و هەناسە ئازادەکانی جوانی گوزەشتم دەدەم
ئەو گوزەرانەن هەنسکەکانی ئەمرۆم سارێژ ناکەن
خەندە و قاقای تیژڕەوی تێکۆشانی جوانیمن
ئەمرۆ لە خەم و قوڵبونەوەدا نوقمم دەکەن
ئای تەمەنێک لە گەنجێتی پڕ شانازی و سەرسەختیم
سات و چرکەم نەماوە، خەونتان پێوە نەبینمەوە
لە هەنوکەی ئێوارە ماندوەکانمدا
سەرمەستانە لە دەروازەی بیرم دەدەن
بۆیە من ئێستا تەنیام
هەموو چراویسکەکانی تەمەنم
لە فەرهەنگەکەی تۆدا جێهێشتووە
بڕوا بکە ئەمرۆ و ئێستا دلم بەم ژینە پڕ درۆیە ناکرێتەوە
نە کەسێکی ئاوێتە بە هەنسک و یادگاریەکانم بە دیدەکەم
هەر تۆی ڕابردوو هاو خەباتەکانی تۆم نەبێت
لە هەموو شتێک بە گومانم
هیچ شتێک لە تۆ هەڵەموت ئاساتر نابینم و فرمێسکەکانم ناسرێتەوە
من زۆر لە مێژە لەوە تێگەیشتووم

هەموو مەلێک لەگەڵ پۆری خۆیدا جوانە
وەلێ ئەی چی لەو دەروازەیە بکەم
کە هەر خۆم کلیلەکەی دەناسم.
ساڵی٢٠٠٨

## رۆحم

سەردەمێکە پاسارییەکانی رۆحم

کە

قەفەزم لە نەرمە بژوێن بۆ دروستکردون

سەرئەکەن بە ناو یەکدا و مقۆمقۆی سەفەریانە

ئێواران سەر رێگای گەڕانەوەم لێدەگرن

سپێدەیان زوو، بە نەغمە بە خەبەرم دێنن

تاوە سوری نیوەڕۆییان وەک تینی هاوین دەمسوتێنن

زۆرم بۆ دێنن

لێیان تێناگەم

کە

ئێواران بە کش و ماتی دەگەڕێمەوە نشینگەکەم

هەر جمە و مقۆیان دێت

بە بارتەقای هیلاکی رێم گیانم وە ژان دێنن

تا مەغریبێک

کە
بەرامبەر مانگە شەو رادەمێنم، وێڵ دەبم بە دوای تریفەدا

یان ئێوارانێک درەنگ درەنگ

کە

زەردەپەڕ کاتی ماڵئاواییەتی لە ئاسۆ

لەو ساتەدا

کە

تەکانی شنە بای نەرمی ئێوارانێ هاژەی سەرم

دەخەوێنێ و تاسەی دڵم هێور هێور دەکاتەوە

ئەو ساتە لە چریکە و دەنگی پاسارییەکانی رۆحم نزیکدەبمەوە

تێدەگەم سۆراخە رێی فرینێکن

لەو ئاسمانەی ئەستێرەکانی سەرمەدین
هەرگیز ژینیان لە گۆمی لێڵدا مەلە ناکەن
٢٠٠٩

## تەمەنێک لە پاییز

تەمەنم
تا
دەهات لە خەم ڕسکاوتر دەبوو
سەفەرێکیتریشی هاتە سەر
من
ئەمساڵ بەستراوم بە قامکی غوربەتی تەمەنێکەوە
کە
تازە ویقاری درەختێک بە بەهاری ناگەیەنێت
من
چی لە تەمەنێک بکەم
کە هێشتا لە تەدارەکی خەمدایە و
بە هیچ شتێک سەبوری نایەت
نە
تاسەی
بە وەرزی زەردو ڕەهێڵەی باران دەشکێت
نە
تینویەتی
بە کانیاو و قەڵبەزەی کوێستان دەشکێت
نە
تاوەسووری گەرمەسێر وزەی دڵی شیعری دەدات
نە
بەهار نێرگزەجاڕی پڕ ڕەونەق دەکات

تەمەنێک
هێشتا مەشخەڵی نەورۆز هەموو تاق و کونجێکی دانەگیرساندوە و کڵپە ناکات
هێشتا
بۆنی نێرگزی نەورۆز
نەبۆتە
هەناسەی رۆحە تەنیاکەی
من
تەمەنم
سڕودەکانی یارسایە و دەف بە دەست دەچریکێنێ و بە ماڵان دەڵێت
شوعلەکانتان تا کازیوەی سپێدە مەکوژێننەوە
ئەو
هێشتا لەگەڵ
بێ دەنگی تریفەدا سەمایەتی
تا دڵی شەو
بلەرزێنێ و سەرپۆشی کش و بێ دەنگی دابماڵێت
من
چی لە وەرزێکیتری تەمەن بکەم
کە
ئاسمانی بەرینی منداڵانی نیشتمانم
نامۆیە لە ناز و خەندە
هەمیشە گەڵاڵە هەور
رێگە لە
نمایشی گەشی چاویان دەگرێت
خۆرەتاو نازی زەردەپەڕیان پێ نابەخشێت
کوا
من

ڕۆیشتنی شەمەندەفەری تەمەنم
لە یادە
ئەمشەو
خۆم و سەفەری ئەمساڵی
تەمەنی هێنامەوە یاد
ئێ خۆ ئەمشەو
من
لە مێژبوو کۆچم کردبو بۆ لای خەمی ژنانی ئەنفال
من
پرسیاری ڕۆژی لە دایکبونی ئەوانم دەکرد
من هەناسە و ئاخی ئەو کیژۆڵانەم دەخوێندەوە
کە ئۆخەی ئازادی لایان بۆتە خەون
چی لە تەمەنێک بکەم
کە کۆچی کاروانی ئازیزانی هەموو شەوێک
چەند شەقاوێک
نزیک دەبنەوە و دوبارە دوعاخوازی دەکەن
فرمێسکم بۆ جێدەهێڵن
خۆ من هەرگیز وەک کچە سادەکانی ئەم دەڤەرە
زەنگی
تەمەنم
لە ڕۆیشتنی کاروان هەراسانی نەکردوم
خۆ من هەرگیز داربەڕوییەک
لە تەمەنێکی پاییزیدا
ڕوو سەری
بێ هیوا و کاڵەوەبوەکانی ئەو کچانەی بۆ نەگێڕاومەتەوە
بۆی نەهێناوم
کە
دەستە و ئەژنۆ

بە دیار تەمەنیانەوە فرمێسکی بێ هودەیی دەڕێژن
من
تەمەنم و درەختە هاوتەمەنەکانی باخچە و پێدەشتەکانیش دەزانن
منی راهیبەی کەنیسە
تا
گەرانەوەی مەسیحی فریاد رەس لە ئاسمان
نوێژ دەکەم
ئیتر
چی
لە تەمەنێک بکەم، کە هێشتا پڕە لە پرسیار گەلێک
لە بەردەم وەهمی
گومان و راستیدا
هێندەیتریش بە سۆراخ بێت
هەرگیز لەم مەنفایە، لەم عەدەمە هیچ وەڵامێک دەستگیر ناکات.
٢٠٠٩

## هێندە دوریت!!!!!!

وا لێم دووریت رەنگە رۆژێک بە تەکدا تێپەڕم و نەتناسمەوە
وا لێم دووریت
پێدەچێت رۆژێک سۆراخی عەشق و بونی تۆ، هەر لە خۆت بپرسم
کەوتویتە کوێ؟
چەند لێم دووریت، کەچی پەیامی رۆحی تۆم پێدەگات
چەند لێم دووریت هەموو چرکەیەک رۆحم لەگەڵتدا دەژی
ئەم پەیامە پێغەمبەرییەی من و تۆ
کەی لە خەلوەت دێتە دەرەوە و ئەشکەوتی پەیامبەری بەجێ دێڵێت؟
کەی سەرزەمینێک بۆ خۆ ئاشکراکردنی دەدۆزێتەوە؟.

٢٠١٠

## تاوان

ئەگەر تاوان بێت خۆشم بوێیت
کەواتە من گەورەترین تاوانبارم

گەر خۆشەویستیت بۆ من گوناە بێت
کەواتە من گەورەترین گوناهبارم
١٢٠١

## ئەی مرۆڤ

من یەکسانم کردیت بە خودا
لەسەر زەمین نوێژم بۆ کردیت
دێر بە دێر ئایەتەکانی مرۆییتم ئەزبەر کرد
مەنزڵی تۆ کەنیسەم بوو رۆژی چەندجار رووم تێدەکرد
تۆ ئەی مرۆڤ
چۆن توانیت سورەتی عیشق رەشبکەیتەوە؟
کە
بە دێری شیعر و جوانی ژیان نوسیمانەوە
بۆچ خۆت کردووە بە دیلی زایەڵەی رەفتاری خۆت و
ناوت لێناوە قەدەر
دەتەوێت دەست و پێی منیش لەو داوی قەدەرەوە بئاڵێنیت؟
کە
دیلی کردوویت
ئەو قەدەرەی چارەنوسی ئەم گەردونەی لە نوێ وە نوسیوەتەوە و
دیلی کردووە؟

چیدی دیلی قەدەر مەبە
با خۆمان چارەنوسمان لە نوێ وە بنوسینەوە
با لەمە زیاتر زیکری خوامان لێ تێک نەچێت

چیدی دیلی قەدەر مەبە
با ئیرسی عیشق توخنت بکەوێت
نزیک بە لوتکەکانی ئاسمان بەرەوە
لەگەڵ پەریەکانی خودا زیکری ناوی منیش بکە

لەوێ ژوانیان لەگەڵ بگرە
هەر چۆن لای من لوتکەیەکیت
و
حەز بە یاداشتکردنی رۆژێک لە دارڕوخانت ناکەم

تا چەندین تەمەنی تر وێڵ بیت
هەناسەیەک رووت تێناکات
وەک من لە هەناسەی گەرمت بگات

مەنزڵگەی مرۆڤ
چۆن بەرگەی تێزی جوانی و عیشق ناگریت؟
چرپەی پەیڤ و رۆژانی ئیرس دەگۆڕیتەوە
بە چەند ساتێک لە درۆی رووکەن؟
مەهێڵە لەوە زیاتر قەدەر چارەت بنوسێتەوە
ئەی مرۆڤ
ئەم مەنزڵە مۆمێکە بۆت
رێگە نادات هەموو تاریکی دنیا
رووناکی ناخت بکوژێننەوە
لە تاریکییدا بتارێنن

ئەی مرۆڤ

گەر کەسانێک بۆ تەماییەک خۆشیان دەوێیت
من بۆ خۆشەویستی و ژیان تۆم خۆشدەوێت
من تا ئەزەل بە بێ مەرج خۆشمدەوێیت

ساڵی٢٠١١